## چارەنووسی شارەکەیان نادیارە ..

# کەرکووکییەکان: بەرپرسە کوردەکان شارەکەیان فرۆشتووین

ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini 79@hotmail.com



ماوەیەکی زۆرە لەنێوەندەکانی ڕاگەیاندن و لەئاستی جەماوەرییدا باس لەوە دەکرێت بەرپرسانی سیاسی کورد ڕەزامەندییان نیشانداوە لەسەر بڕیاری دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی سەدو چل، دەنگۆی ئەوە هەیە مام جەلال لەگەشتەکەی دوو هەفتەی ڕابردوویدا بۆ ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ملکەچی سەرکردایەتی کوردی بۆ بڕیاری ئەمەریکییەکان دووپات کردۆتەوە لەمەڕ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل و یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی نادیاری شاری کەرکووك کە خاڵی ناکۆکییەکانی ناوخۆیی و ناوچەییە. جگە لەمەش لێرەو لەوێ باسیش لەوە دەکرێت کە سەرکردەکانی کورد تەسلیمی گوشاری دەوڵەتانی عەرەبی بوون لەمەڕ ئەو ماددەیە، چاودێرانی سیاسی وایدەبینن کە هێواشی وسستی لەجێبەجێکردنیدا بەڵگەیەکە بۆ سازشکردن لەسەر ماددەی سەدوچل.

جەماوەری کوردستان لەپێشیانەوە کەرکووکییەکان ڕەشبینن لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەو ماددەیە لەکات و وادەی دیاریکراوی خۆیدا، هەندێکیان لەقەناعەتێکدان دەیان ساڵیش لەبەردەستدابێ بەم میکانیزمەی هەنووکە چارەنووسی ئەو ناوچە دابڕاوانە لە نێوانیاندا شاری کەرکووك یەکلایی نابێتەوە. ژمارەیەکی بێشوماری هاووڵاتیانی کوردستان بەتایبەت دانیشتوانی شاری کەرکووك پێیانوایە سەرکردەکانی کورد شارەکەیان فرۆشتووە و لەبەرخاتری بەرژەوەندیی خۆیان ئامادەن واز لە چارەنووسەکەی بهێنن بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بێ هیچ هەستکردنێکی مێژوویی و لێپرسراویەتییێکی ویژدانی و ئەخلاقی.

هەندێکی تر لەهاووڵاتیان باس لەوە دەکەن کە پارتی و یەکێتی لەدەمێك ساڵەوەیە وازیان لە کەرکووك هێناوە، هەرچی تر بکەن تەنیا خەڵەتاندن و چەواشەکردنی خەڵکە.

یاسین محەمەد – وتی: بەدڵنیاییەوە شارەکەمان فرۆشراوە، ئەگەر وانییە بۆچی لەم مانگ بۆ ئەو مانگ و لەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ دەستی دەستیمان پێدەکرێت و کەس نازانێت کەرکووك سەر بەدەوڵەتی عێراقە یان حکومەتی هەرێم، کەسیان خۆیان ناکەن بەخاوەنی لەخزمەتگوزارییدا، بەڵام کە دێتە سەر نەوتەکەی خاوەنی زۆرە، بەڵام وایلێهاتووە کە پارتی و یەکێتی لەباسی کەرکووك کەوتوون چونکە لەوانەیە لەبەرامبەردا شتی تریان وەرگرتبێت.

ئاواز سەمەد- وەك دانیشتوویەکی کوردی شاری کەرکووك بەرامبەر بەچارەنووسی شارەکەی ڕەشبینە و پێیوایە کورد لەشارەکەدا زۆر کەمتەرخەم بووە و دەڵێت: بەراستی لایەنە کوردییەکان لەکەرکووکدا سەرقاڵی حیزبایەتی تەسکن، هەر فریای ئەوە دەکەون موحاجەرەی

شەقامەكان بۆیاخی سەوز و زەرد بكەن یان پەیكەری شەهیدان دابنێن.

هەموو جادەو ناوی قوتابخانە و مزگەوتەكانیشیان لەنێوان خۆیاندا دابەشكردووەو لەوەشدا پەنجا بەپەنجا دەكەن، هەندێك وردە بەرپرسیارو وردە كادری حیزبی پەیدابوون بژێوییان چۆتە سەر ئەم حاڵەتەوە و حەز دەكەن هەتا هەتایە وەزعی كەركووك هەروا بێت بۆئەوەی دەگیان مسۆگەر بێت و چۆن دەیانەوێت وابێت.

مەسعود قادر – دەڵێت: یەكلایی كردنەوەی چارەنووسی شاری كەركووك گرێ و كۆسپ و تەگەرەی زۆری لەبەردەمدایە، لەوانە لەناو شاری كەركووكدا بەرەی توركمانی و هەندێ عەرەبی ڕەگەزپەرست هەن كە بەهەموو توانایەكیانەوە بارودۆخەكە دەشێوێنن، لەئاستی عێراقیشدا حكومەتی عێراقی و كاربەدەستانی عەرەب كۆسپ و تەگەرە دروستدەكەن.

لەدنیای عەرەبییەوە كێشەی زۆر بۆ كەركووك دروست دەكرێت، توركیاو ئێران ئەوانیش هەر كێشە دروست دەكەن، لەهەموو لایەكەوە كێشە بۆ گەڕانەوەی شاری كەركووك بۆ سەر كوردستان دروست دەكرێت، دواتریش سیاسەتی كوردیش هەڵەیە و لەجێگەی خۆیدا نییە چونكە دوای چوار ساڵ بەسەر ئازادكردنی كەركووك پرۆسەی گێڕانەوەی ئەم شارە بۆ ناو چوار چێوەی كوردستان یەك هەنگاو نەچۆتە پێشەوە.

سۆزان جەوهەر – وتی: ئەو بەرپرسانەی لەدەستیان هات شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنن و هەزاران گەنجی بێتاوان بەكوشتن بدەن و هەزاران كەسیش لەولاتەكەی خۆیاندا ئاوارەبكەن لەوەزیاتریان لەدەستدێ و بەئاسانی و بێ ڕاریی دەتوانن شارێكی وەك كەركووك بفرۆشن.

ئەو حیزبانەی دەركەوت نیواونیوی سەركردایەتییەكانیان فایلییان هەبوو و لە كەسیشیان نەپرسراوەتەوە ئاسانیشە بەلایانەوە كەركووك لەسەر سینییەك پێشكەشی عەرەب و تورك بكەن لەبەرخاتری خۆیان و مانەوەیان لەكورسی دەسەڵات و پارەخواردندا. بەقەناعەتی من ئەو هەواڵانە راستن كە باس لەوە دەكەن سەركردەكان كەركووكیان فرۆشتووە.

*مرۆڤ كاتێك بە شەقام و كۆڵانەكانی كەركووكدا دەگەڕێت و چاو دەگێڕێت بەو دیمەنانەی دێنە بەردەمی هەست بەوەناكات نەك لەشاردا نییە بەڵكو لەگوندیشدانییە بەڵكو لەهەموو ڕوویەكەوە لەكامپی ئاوارەكان دەچێت، تەنانەت لای كوردەكانی شارەكە بەتایبەتی ئەوانەی لە یاریگا(ملعب)ی شاری كەركووكدا دەژین زاراوەیەكی سەیر داهاتووە ئەویش ئاوارەكانی كەركووكە، سەیرە ئەوە یەكەمجارە لەدنیادا ببیسترێت مرۆڤ لەشارەكەی خۆیدا ناوی ئاوارەی لێبنرێت.

سیمای پێكەنین دیار نییە، گەرماو هەژاریی خەڵكی تواندۆتەوە، وەك پیرەمێردێكی دنیا دیدە پێی وتم خەڵكی ئەمشارە بێدەرەتان و هەژارن دەڵێی خۆڵ و دۆ كراوە بەسەریاندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەڵكی شارەكە چاویان لەچارەنووسی كەركووكە كە ئاخۆ بەرەو كام ئاقار دەڕوات و ئاكام كەشتییەكەیان لەكام كەنار لەنگەر دەگرێت؟.

سالار كەمال – هاوولاتییەكی شاری كەركووكە دەڵێت: بڕوام بەهیچ نەماوە، كوا دروشمی یان كەركووك و خانەقین یان تاماوین دەجەنگین؟ كوا شیعاری كەركووك دڵ یان قودسی كوردستانە؟ كوا پیرۆزیی كەركووك كە سوێندیان پێدەخوارد؟

نەخێر ئەوانە هەر خەڵك پەمپدان بوو، هەر چەواشەكردنی خەڵك بوو، هەر پێ ڕابواردن بوو، ئەگەرنا ئێستا گەیشتوونەتە پلەو پایەو نانی خۆیان و ئامادەنین نەك لەبەر چاوی كاڵی كەركووكییەكان بەڵكو لەبەرخاتری هیچ كەسێك لەخۆیانی تێك بدەن.

بەرپرسێكی حیزبی لەشاری كەركووك كە نەیویست ناوی خۆی ئاشكرا بكات وتی: بەڵێ زۆر راستە، بەداخەوە ئێمە لەشاری كەركووكدا فەزڵی حیزبایەتیمان داوە بەسەر كوردایەتیدا، بەڵێ ئەوە ڕاستە حیزبایەتی تەسك رۆڵی خراپی بینیوە و شتی زۆری لەدەستداوین و لەزۆر دەستكەوت و پاشەكەوتی بەنرخ بێبەشی كردووین، بەڵام ئەوە هەرگیز راست نییە كە سەركردایەتی كورد كەركووكی فرۆشتبێت، ئەم شتە قابیلی قبوڵ نییەو هەرگیزیش شتی وا ڕوونادات بەڵام گەڕاندنەوەی كەركووك بۆسەر كوردستان كارێكی وا ئاسان نییە وەك هەندێك كەس لێی تێگەیشتوون.

**فۆتۆ:كامەران نەجم**